# خەون

خولیا حسێن



www.kurdistannet.org

لەم شەوانە
شیعرێکی نەنوسراوی خۆم
هاتە خەونم
ووتی وەرە بمنووسەوە
من داستانی بەسەرهاتی ئەو ڕۆژگارەم،
لە بیرچوونەوەم
هەڵوەرینی گەڵای عەشق و
مردنی
پەپوولەکانی یادگاری و
کپ کردنی گۆرانی یەکانی
ئازادی و
لە سێدارەدانی هەموو خەونە سپی یەکانی
دوێنێ وئەمڕۆ و سبەینێتە.
ووتی وەرە بمنووسەوە
من هەنسکی نەبیستراوی
ئەو خەمانەم،
هەتا ئێستا نە شاعیرێك پێم دەزانێ و
نە تەلەکانی کەمانچە و
نە عاشقێکی بێداریش
کردوومی بە هاودەمی خۆی.
ووتی وەرە بمنووسەوە
من ئەو ڕازە نەدرکاوەی ناو گوڵزاری
دڵی کچێکی عاشق بووم
پێش ئەوەی زمانم بێتە گۆ

www.kurdistannet.org
7-9-02 12:53:24

هەوارگەکەیان سووتاندم.
ووتی وەرە بمنووسەوە
من خەونێکی نەهاتەدی
کورەلاوێکی کۆچەری بووم،
لە کاتێکدا
لە ناو دەریای هیواکانم
گۆرانیم بۆ سبەی دەگووت،
قەدەر هات و. . .
کەشتی هیوای وەرگەراندم
خەون و خۆزگە و
گۆرانییەکانی خنکاندم. . . !
ووتی وەرە بمنووسەوە
من دڵۆپە فرمێسکەکانی
خۆشبەختی
ئەو مۆمانەم،
کە لە شەوە سوورەکانی
خۆشەویستی
لە سەرەتای پشکووتنی
یەکەم چرۆی ئەو ماچانەی
هەرگیز لە بیر ناچنەوە
لەسەر گۆرەپانی دەستی
هەردووکتانا گەش دەسووتاین.
ووتی وەرە بمنووسەوە
من یەکەمین
چرپەی گریانی لە دایك بوونی
مووچرکەکانی خۆشەویستی و
دوایین گەڵای شیعرە
هەڵوەریوەکانی تۆم. . . !

کەنەدا / سیبتەمبەری ٢٠٠٢

www.kurdistannet.org